ئایا باسێکتان بۆ بکەم سەبارەت بە دەجال کە هیچ پێغەمبەرێک باسی نەکردووە بۆ گەلەکەی؟ ئەو چاوێکی کوێرە، ودێت بەهەشت ودۆزەخی لەگەڵدایە

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئایا باسێکتان بۆ بکەم سەبارەت بە دەجال کە هیچ پێغەمبەرێک باسی نەکردووە بۆ گەلەکەی؟ ئەو چاوێکی کوێرە، ودێت بەهەشت ودۆزەخی لەگەڵدایە، ئەوەی کە دەڵێت بەهەشتە لەڕاستیدا دۆزەخە، ومن ئاگادارتان دەکەمەوە هەروەکو چۆن نوح گەلەکەی ئاگادار کردەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی دەجال وسیفەت ونیشانەکانی کرد بۆ هاوەڵانی؛ بەشێوەیەك هیچ پێغەمبەرێك بەو شێوەیە باسی نەکردووە، لەو سیفەتانەیش: چاوێکی کوێرە. خوای گەورە وایلێکردووە شتانێکی وەکو بەهەشت ودۆزەخی لەگەڵدا بێت، بەپێی بینینی چاو. بەڵام لەڕاستیدا بەهەشتەکەی دۆزەخە، ودۆزەخەکەی بەهەشتە، هەرکەسێك گوێرایەڵی بکات دەچێتە بەهەشتەوە لەڕوانگەی بینینی خەڵکی؛ بەڵام لەڕاستیدا ئاگرێکی سوتێنەرە، وئەوەی سەرپێچی بکات دەچێتە دۆزەخەوە لەڕوانگەی بینینی خەڵکی؛ بەڵام لەڕاستیدا بەهەشتێکی پڕ بەنازە پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هۆشداری پێداین سەبارەت بە فیتنە وتاقیکردنەوەکانی هەروەکو چۆن نوح هۆشداری بە قەومەکەی دا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3110